# لە بواری یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاریدا

# له بواری یارمەتیی مرۆڤایەتی و هاوکاریدا

ئەمــەش زۆر بواری جیــاجیــا دەگــرێتــەوە هەروەک ڕێکخســتنی ســەفــەری هاووڵاتیــان بۆ دەرەوەی هەرێم یا بەپێچەوانەوە، پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و ئاژانسە جۆراوجۆرەکـان، نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات و چالاکییەکانی تایبەت بەهەڵگرتنەوەی مین.

لە ماوەی ساڵی ٢٠٠١دا زۆر کاری گرینگ لەم بوارەدا ئەنجام دراون کەوا لە خوارەوەدا پوختەی چالاکییەکان دەخەینە ڕوو:

**یەکەم- دیدار و کۆبوونەوەکان:**

١- بۆ بەدواداچوونی چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی بەرنامەی ٩٨٦ لە کوردستان و گوڕ و تینی بەخشینی زیاتر بەو کار و پرۆژانەی کە لەسەر بودجەی بەرنامەکە ئەنجام دەدرێن، ساڵی ڕابردوو بەپێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و بەشێوەیەکی بەردەوام دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ یونۆکی و سەرجەم ئاژانسەکانی UN ئەنجام دراوە.

لە ئاکامی ئەو کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنانەدا هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوان دەزگا پێوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم و ئاژانسەکانی UN پەرەی سەندووە و زۆر لە گیروگرفت و کۆسپەکانی بەردەم جێبەجێکردنی بەرنامەکە لە کاتی خۆیاندا چارەسەر کراون، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبووە لەسەر خێراترکردنی پرۆسەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان کە لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی خێراتری وڵاتەکەماندایە.

٢- هەر لە ساڵی ٢٠٠١دا چەندین دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانە ئەنجام دراوە کە لە کوردستاندا چالاکی دەنوێنن وەک: SCFی بەریتانی، ڕێکخراوی NWMT، ڕێکخراوی مین هەڵگرتنەوە MAG، ڕێکخراوی ئیمێرجێنسی، کۆمەڵەی ژین بۆ پەککەوتەکان و چەندین ڕێکخراوی تر. لە کۆبوونەوەکاندا چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئیشوکاری ڕێکخراوەکان لە کوردستان و پەرەپێدانی چالاکییەکانیان بە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی هەرێم باسیان لێ کراوە.

٣- پێشوازیی چەندین شاندی ڕەسمی و غەیرە ڕەسمی و کەسایەتیی جۆراوجۆر کراوە و دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە، هەروەک پێشوازیکردن لە شاندێکی بیرۆی پەناهەندەکان لە سویسرا (بەشی ئاسیا)، پێشوازیکردن لە شاندێکی ئەنجوومەنی نەرویجی بۆ پەنابەران، کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی ڕێکخراوی ئاشوری لە ئەمریکا و چەندین شاندی دیکە.

**دووەم- ڕێکخستنی سەفەری هاووڵاتیان:**

لە بواری ڕێکخستنی سەفەر و هاتوچۆی هاووڵاتیان بۆ دەرەوە و ناوەوەی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە وەک:

١- بۆ ئاسانکردنی سەفەری هاووڵاتیان بڕیاردرا خاڵی پیشخاپوور کە دەکەوێتە سەر سنوری سوریا بە وەزارەتی یارمەتی و هاوکارییەوە ببەسترێتەوە. دامەزراندنی ئیدارەی نوێ بە هەموو بەشەکانییەوە وەکو کارگێری و ژمێریاری و لێکۆڵینەوە، سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوە. نرخی گواستنەوەی هاووڵاتیان چ بە بەلەم و چ بە ئۆتۆمۆبێل کۆنترۆڵ کراوە و لەچاو جاران زۆر هەرزانتر دەوەستێ. هەروەها کردنەوەی لقی بانک بۆ گۆڕینەوەی

پارەی بیانی و ڕەفتار و مامەڵەی شارستانی و باش لەگەڵ هاووڵاتیاندا مایەی ڕەزامەندی ئەو کەسانە بووە کە لەم خاڵەوە سەفەر دەکەن. پرۆژەی دروستکردنی تەلاری بانک و ئیدارە و بنکەی پۆلیس بەم زووانە تەواو دەبێت.

٢- هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەر سنوور و کەم بوونەوەی ڤیزا، توانراوە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی سەفەر لە وەزارەتی مرۆڤایەتیدا سەفەری هاووڵاتیان ڕێک بخرێت و زیاتر بایەخ بەو کەسانە دراوە کە پێویستیان بەسەفەر هەیە. لەم بوارەدا هاوئاهەنگی تەواو لە نێوان وەزارەتە پێوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم ئەنجام دراوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە پێویستییان بەسەفەر هەیە.

٣- دامەزراندنی کارمەندی شارەزا و کردنەوەی یەکەی ژمێریاری و چارەسەرکردنی گرفتە ئیداری و داراییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی سەفەری دهۆک بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر ئەنجام بدات و خەڵکی دەڤەرەکە تەنیا لەکاتی سەفەرکردندا سەردانی وەزارەتی مرۆڤایەتی بکەن.

٤- پرۆژەی تەلاری نوێی بەڕێوەبەرایەتیی سەفەری ئیبراهیم خەلیل بەم نێزیکانە تەواو دەبێ، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی دەکاتە سەر بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە.

هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراو بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ پەیوەندییەکان و گومرگ و بەشەکانی تری کۆمەڵگە کارەکانی خۆی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام داوە و ئاسانکاریی پێشکێش بە هاووڵاتیان کردووە.

٥- داهاتی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەفەر بە شێوەیەکی یاسایی و بەپێی پسوولە کۆکراوەتەوە و کۆی گشتیی داهاتی گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەفەر لە ساڵی ٢٠٠١دا ١٥,٦٤٠,٩٧٦ دینار و ١,٣٤٣,٧٣٠ دۆلار بووە.

**سێیەم- پەیوەندییەکان:**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەیوەندییەکان لە وەزارەتی مرۆڤایەتیدا بەشێوەیەکی بەردەوام پێوەندیی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە بیانییانەدا کردووە کە لە کوردستاندا چالاکی ئەنجام دەدەن. ناوی سەرجەم ڕێکخراوە بیانییەکان بەپێی فۆرمێک تۆمار کراوە و زانیاریی پێویست دەربارەی هەر ڕێکخراوێک لە ڕێگەی نوێنەری حکوومەتی هەرێم لەو وڵاتەی کە ڕێکخراوەکەی لێوە هاتووە کۆکراوەتەوە و لە فۆرمێکدا تۆمارکراوە. هەروەها ئاسانکاری پێویست بۆ هاتوچۆی ڕێکخراوەکان لە دەرەوە بۆ ناوەوەی هەرێم یا بە پێچەوانەوە پێشکێش کراوە.

لە ماوەی ساڵی ٢٠٠١دا چالاکیی جۆراوجۆر لەم بوارەدا ئەنجام دراوە وەک:

١- چواردە ڕێکخراوی بیانی و ٣ ڕێکخراوی ناوخۆیی تۆمارکراون. مەبەست لەم تۆمارکردنەش بەدواداچوونی کاری ڕێکخراوەکان و ئاگاداربوون لە چالاکییەکانیان و ڕێکخستنی جۆری پێوەندییانە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا.

٢- سەرپەرشتیکردنی ئیشوکاری لیژنەی باڵای دەرکراوەکان و هەوڵدان بۆ هاوئاهەنگی و لەیەک گەیشتنی باشتر لە نێوان ئاژانسی UNOPS و لیژنەی ناوبراودا. لەم ڕێگەیەوە توانراوە یارمەتی و هاوکاری بەرچاو بۆ ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ و دەرکراوەکانی کەرکوک و ئاوارەکانی شەڕی پەکەکە و گەڕاوەکانی ئێران و ڕاگوازراوکراوەکانی ناوچەکانی تری عێراق هەروەک مووسڵ و بەغدا و خانەقین و مەندەلی و شنگار دابین بکرێت.

دوای هەوڵێکی زۆر توانراوە کەلوپەلێکی زۆر دابەش بکرێت و تاوەکو ٢٠٠١/١٢/٣١ زیاتر لە ٣,٠٠٠ خێزان کەلوپەلی جۆراوجۆری هاوینە و زستانەیان بۆ دابین کراوە.

٣- چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی هاوولاتیان لەگەڵ ئاژانسەکانی UN و ڕێکخراوە ناحکوومییەکاندا. لە ساڵی ٢٠٠١دا توانراوە ١٠ کێشەی یاسایی لەم جۆرە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یونۆکی چارەسەربکرێن یا بەرەو چارەسەرکردن هەنگاو بنێن.

٤- هاوئاهەنگی تەواو لەگەڵ یەکەی پلاندانان لە یونۆکی لە پێناوی جێبەجێکردنی خێراتر و باشتری ئەو پرۆژە و چالاکییانەی پێوەندییان بەبەرنامەی ٩٨٦ەوە هەیە.

٥- بەشداریکردنی بەڕێوەبەری گشتیی پێوەندییەکان و بەرپرسی پێوەندییەکانی دهۆک لە خولی ڕاهێنان لەسەر پلاندانان کە زانکۆی دهۆک بە هاوکاری زانکۆی دۆرتمۆندی ئەڵمانی و ڕێکخراوی DHK ئەنجامی دا.

٦- سەبارەت بەچۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی کارەساتی سروشتی یا دەستکرد، وەزارەتی مرۆڤایەتی بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی منداڵپارێزی بەریتانی خولێکی بۆ دامودەزگاکانی حکوومەت و ڕێکخراوە ناحکومییە بیانی و ناوخۆییەکان و ئاژانسەکانی UN ڕێکخست بە ناوی (خولی ڕاهێنان). دوای ئەنجامدانی خولەکە کۆمیتەیەکی کاتی بۆ بەدواداچوونی ئیشوکارەکان دروست کرا کە بەتەواوبوونی کارەکانی دەبێتە بناخەی کۆمیتەیەکی هەمیشەیی بۆ دروستکردنی هاوئاهەنگی تەواو لە نێوان دەزگا جیاجیاکان لەکاتی ڕوودانی هەر کارەساتێکدا.

**چوارەم- نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوە:**

نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، چ لە ڕێگەی بەشداربوونیان لە کۆنفرانس و کۆڕ و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکاندا، یا دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسان و کاربەدەستانی وڵاتانی جیهان و چاوپێکەوتنی میدیاکانی جیهاندا توانیویانە ڕۆڵێکی بەرچاو لە ناساندنی دۆزی کورد بە ناوەندە ڕەسمی و نارەسمییەکانی دەرەوەی وڵات بگێڕن. ئەمەی خوارەوەش پوختەی چالاکییەکانە لەم بوارەدا:

١- بەمەستی بەرەوپێش بردنی دیپلۆماسیەتی کورد لە دەرەوەی وڵات نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوە لە زۆر لە کۆنفرانس و کۆبوونەوە جیهانییەکاندا بەشدارییان کردووە و بەشێوەیەکی بەردەوام چاویان بە بەرپرسانی وڵاتە جۆراوجۆرەکان کەوتووە و هاوئاهەنگیان لەگەڵ باڵوێزخانەکان لە دەرەوەدا ئەنجام داوە.

٢- لە مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠١دا لە شارۆچکەی سەلاحەدین کۆنفرانسێک سازکرا کە تایبەت بوو بە دیارکردنی ئیشوکاری نوێنەرانی حزب و حکوومەت و هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا.

٣- کردنەوەی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە فەرەنسا و ڕوسیا و سویسرا.

٤- ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە بۆ بانگهێشتن کردنی چەندین شاندی کورد، چ لەسەر ئاستی سیاسی و چ لەسەر ئاستی فێرکردنی باڵا، بۆ دەرەوەی هەرێم.

٥- ڕۆڵێکی گرینگیان هەبووە لە بانگهێشتن کردنی خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ ناو کوردستان.

٦- بەڕێوەبردنی ئیشوکاری کوردەکانی دەرەوەی وڵات هەروەک وەکالەتنامە و زۆر لە بەڵگەنامە یاساییەکانی تر.

٧- ڕێگەگرتن لە سەفەری نایاسایی لە ڕێگەی ئاشکراکردنی چەندین داوەتنامەی نایاسایی و پاسپۆرتی ساختە.

٨- هاوکاریکردن له هێنانهوهی تهرمی ژمارهیهک لهو برا کوردانهی که له ههندهران گیانیان له دهست دابوو.

٩- هاوکاریکردن و ڕێنوێنی کردنی نێردراوه بیانییهکان له کاتی هاتنیان بۆ کوردستان.

١٠- گهیاندنی چالاکیی داوودهزگاکانی تری حکوومهتی ههرێم به نامهی ئهلیکترۆنی بۆ دهرهوه.

### پێنجهم- مین ههڵگرتنهوه:

حکوومهتی ههرێمی کوردستان له ڕێگهی بهڕێوهبهرایهتیی کاروباری مین ههڵگرتنهوه له وهزارهتی پارمهتی مرۆڤایهتی و هاوکاریدا، بههاوئاهەنگی لهگهڵ ئاژانسی یونۆپس و ڕێکخراوی MAG ههوڵی بهردهوامی داوه بۆ پهرهپێدانی چالاکیی ههڵگرتنهوهی مین و پاککردنهوهی کوردستان له مینی جۆراوجۆر و پێشکێشکردنی خزمهتگوزاریی پزیشکی به قوربانیان و پهککهوتووانی تهقینهوهی مین و هوشیارکردنهوهی هاووڵاتیان له مهترسی مین و تهقهمهنی.

لهم بوارهدا چالاکی ههمه جۆره پێشکێش کراوه وهک:

١- جێبهجێکردنی سیاسهتی چهتری هاوبهش له نێوان بهڕێوهبهرایهتی کاروباری مین ههڵگرتنهوه له وهزارهتی مرۆڤایهتی و یونۆکی بۆ ئهوهی لهم ڕێگهیهوه هاوکاری و هاوئاهەنگیی زیاتر لهم بوارهدا ئهنجام بدرێت و چالاکی ڕێکخراوهکانی UNOPS له ژێر چاودێری و سهرپهرشتی بهڕێوهبهرایهتی ناوبراودا ئهنجام بدرێن.

٢- ههوڵ و کۆشش بهردهوامه بۆ پهرهپێدانی پرۆسهی خۆماڵیکردنی پرۆگرامی ههڵگرتنهوهی مین. یهکهم دهسکهوتی ئهم ههوڵدانهش بریتی بووه له گواستنهوهی بهشی (هوشیارکردنهوه له مهترسی مین و تهقهمهنی) سهربه ڕێکخراوی UNOPS بۆ چوارچێوهی ڕێکخراوێکی خۆماڵی تایبهت بههوشیارکردنهوه له مهترسی مین که لهلایهن یونۆپسهوه پشتیوانی دارایی دهکرێت. تهواوی ستافی ئهم ڕێکخراوه خۆماڵین و ههر لهکاتی دامهزراندنیهوه له جیاتی ڕێکخراوی UNOPS ئهرکی هوشیارکردنهوهی هاووڵاتیانی له مهترسی مین و تهقهمهنی له ئهستۆ گرتووه. ههروهها ههوڵ و کۆشش بهردهوامه بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی تری خۆماڵی تایبهت به ههڵگرتنهوهی مین. لهلایهکی تریشهوه حکوومهتی ههرێم له ههوڵی بێ وچاندایه بۆ ئهوهی UN شان بهشانی یارمهتیی دارایی، یارمهتیی تهکنیکی پێویست بۆ ڕێکخراوه خۆماڵییهکان دابین بکات و خولی مهشق و ڕاهێنان بۆ پهرهپێدانی ئاستی تهکنیکی کادیرانی خۆماڵی بکاتهوه.

٣- کردنهوهی دوو نووسینگهی سهربه بهڕێوهبهرایهتیی ناوبراو له سۆران و دهۆک بۆ هاوئاهەنگیی لهگهڵ بهڵێندهرانی سهربه UNOPS ههروهک ELS و MECHEM. ئهم هاوئاهەنگییهش کارێکی گرینگه، چونکه کاری مین ههڵگرتنهوه لهلایهن ئهم بهڵێندهرانهوه ئهنجام دهدرێت و لهم ڕێگهیهوه دهکرێ ڕاستهوخۆ پاڵهپهستۆ بخرێته سهر بهڵێندهرهکان بۆ ئهوهی کارهکان بهڕێکوپێکی و لهکاتی خۆیدا ئهنجام بدهن.

٤- دوای ههوڵ و کۆششێکی زۆر توانرا ڕهزامهندی وهربگیرێت بۆ ئهوهی بهشی عهمهلیاتی یونۆپس له شارۆچکهی عهنکاوه بگوازرێتهوه بۆ حامییهی ڕهواندوز له نێزیک شاری سۆران چونکه زۆربهی ناوچه مین ڕێژکراوهکانی ههرێم له نێزیک ناوچه سنوورییهکانی ئێران و عێراقن و لهم ڕێگهیهوه دهتوانرێت بههاوئاهەنگی لهگهڵ نوێنهرانی حکوومهتی ههرێم چاودێریی باشتری کاری مین ههڵگرتنهوه بکرێت.

٥- بهشداریکردنی بهڕێوهبهرایهتیی کاروباری مین ههڵگرتنهوه بۆ یهکهمین جار وهکو ئهندامێکی بڕیاردهر له

کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی یونۆپس تایبەت بە پلاندانانی ستراتیجی بۆ چالاکیی هەڵگرتنەوەی مین لە کوردستاندا.

٦- چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان یونۆپس و دانیشتوانی ناوچەکاندا کە ڕەنگە کاریگەری نەرێنیی هەبێ لەسەر خێراییی بەڕێوەچوونی پرۆسەی مین هەڵگرتنەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ناوبژیکردنی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوولا و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییان.